سەرککۆماری عێراق بۆ ڕێبەری نوێی ئێران: هەوڵی ڕاگرتنی جەنگ دەدەین



سەرککۆماری عێراق پیرەزبایی لە ڕێبەری نوێی ئێران دەکات و دەڵێت، هەوڵکانیان بۆ ڕاگرتنی جەنگی ناوچەکە چڕ دەکەنەوە.

ئەمڕۆ سەشەممە، 10ـی ئاداری 2026، لەتیف ڕەشید، سەرککۆماری عێراق، لە پەیامێکدا پیرەزبایی لە سەید موجتەبا عەلی خامنەیی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە پەیامەکەیدا، لەتیف ڕەشید، وەڵامی نوێکردنەوەی پرسە و سەرخۆشیی قووڵی خۆی بۆ شەهیدبوونی عەلی خامنەیی، ڕێبەری پێشووی ئێران و ژمارەیەک لە سەرکردە و بەرپرسان و هاووڵاتیانی وڵاتەکەی، جەختی لە هاوسۆزیی و پشتیوانیی عێراق بۆ "گەلی دۆستی ئێران لەو کەستە گەورەیەدا" کردەوە.

هەروەها ئومێدی خواست قەناغی داهاتوو ببێتە وەستگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و زاڵکردنی لۆژیکی دانایی و گفتوگۆ بە جۆرێک ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندن بۆ گەلی ئێران دەستەبەر بکات.

لە کۆتایی پەیامەکەیدا سەرۆککۆماری عێراق، ئاماژەی بۆ کرد، "ئێم بەنیە بە دەرفەت دەزانین تاوەکوو هەوڵستی نێگەتیڤی عێراق بە پشتگیریکردن لە هەموو ئاو هەوڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە دووپات بکەینەوە ئامانج لەیان راگرتنی ململانێکان و هەورکردنەوەی گرژییەکانە لەپێناو کارکردنی هاوبەش بە چەسپاندن و بەهێزکردنی ئاشتی و ئاسایش لە سەرانسەری ناوچەکەدا."